سەرپەرشتکارو و خاوەن ئمیتیاز: عەلی کیتابی

# جیهانی منداڵان

## ژمارە ٢٣



یارە بیار هەورامی

جوانترین چەپەک گوڵ بۆ بەختەوەری زاۆکان

**گۆڤارێکی مانگانەیە، خۆبەخشانەیە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە بابەتی منداڵان، شرۆڤە، هونەر، شیعر و ئەو بابەتانەی  پێوەستن بە جیهانی منداڵانەوە بلاو دەکاتەوە**

**دیزانی ئەم ژمارەیە: ئاسۆ بیارەیی**

# لەم ژمارەیەدا

## بەرهەمی پەپولەکان

یارە بیار هەورامی

سان بیار

شەن ماجید

## نووسەران

ئیبراهیمی ڕۆستەمی

حسین شەبەق


سۆران زەکی

سارا مهابادی

یارە – مینا

# داهێنانی پەپولەکانی نیشتیمان






## شەن ماجد

شاری سلێمانی. هیوای بەختەوەری بۆ هەموو منداڵانی جیهان دەخوازێ و ئاواتەخوازە بە دایک و بابە گەورە بن.
وێنەکێشان یەکێکە لە ئارەزووەکانی و زۆربەی کات، بۆ ئەوەی مێشکی پشو بدات، کاتەکانی بەوە سەرگەرم دەکا.



# دوو یارەی جوان



نەوەی لای ڕاستیان حەزی لە گۆرانی، شایی و خۆگۆڕین و وێنە کێشانە

یارەی دووەم، دڵخۆش و ئارەزووی گەمەکانی ناو ئینتەرنێت دەکا.

هەردوو یارەکە هیوادارن منداڵانی دیش لە دنیادا وەک ئەوان هێلانەیەکی گەرمیان هەبێ!












**سان بیار، سلێمانی:**

حەزی لەوازی پلەی ستەیشن و یاری گێتێئایە، نەخشی هەیە لە وێنە کێشاندا و دەیەوێ زمانی ئینگلیزی باش فێربێ.



لاوی لەوَن سلێمانی

حەزی لە یارییە لە گەڵ هاوڕێکانی

و نەخشەکێشانی هەمجۆرە



# بەرهەمی نووسەران





## وتووێژی گورگ و سەگ

**(وەرگێرانی ئازاد لە نورویژیەوە بۆ كوردی**

## حسين شەبەق

هەڵبژێردراو لە كتێبی نەقلە كۆنەكان (Esops Fabler)

رۆژێک لە رۆژان گورگێک و سەگێک تووشی یەک بوون و كەتنە گوفتگۆ لە گەڵ یەكتر. گورگەكە هێندە كز و لاواز و برسی بوو، بە بەحاڵ خۆی بە سەر پێوە راگرتبوو.

گورگە رووی كردە سەگەكە و وتی:

ـ رۆژگارێكی سەختە كاكی سەگ. دەراوی روون نەماوە. پیاو زۆر بە زەحمەت نانێكی دەست دەكەوێ بیخوا.

سەگەكە وتی:

ـ جا بۆ نایە لای من؟ وەرە با كارەكەی من پێكەوە بەش كەین. من لای ئادەمیزادان دەژیم. ئەوان نان و گۆشت و هەموو جورە خواردن و پێداویستێكم بۆ دابین دەكەن.

گورگەكە وتی: زۆر فكرێكی باشە. هەر لە سبەینێ زووتر نیە، دێم لە لای تۆ دەژیم.

گورگەكە بە تامەزرۆییەوە روانیە سەرتاپای سەگەكە. سەگەكە خەپە و خرت و خۆڵ و جوان بوو. لە دڵە خۆیدا وتی بڵێ منیس وام لێ بێ؟

پاشان تەماشای كرد سەگەكە ئاڵقەیەكی لە مل دا. وتی هاوڕێ ئەوە چیە لە ملت دایە؟

سەگەكە وتی:

ـ ئەوە هیچ نیە، تەنیا ئاڵقەی گەردنی منە. ئادەمیزادەكان پەتێک دەكەنە ناو ئەو ئاڵقەیە و ئەوجار لەبەر دەرگای خۆیان دەمبەستنەوە .

گورگەكە وتی:

ـ یانی مەنزوورت ئەوەیە كە ئەتۆ ناتوانی بە مەیلی خۆت بۆ هەر جێیەک بتەوێ بچی؟

سەگەكە وتی:

ـ من پێویستە لای ماڵ و بارەگای ئادەمیزادەكان بمێنمەوە و ئاگام لە ماڵ و دارایی ئەوان بێت، ئاخر من پیاوی ئەوانم. دەركەوان، پاسەوان، نیگابان یان با بڵێن شتێكی ئاوا. لێم تێدەگەی خۆ؟

گورگەكە مۆنەیەكی لە سەگەكە كرد، پاشەوپاش كەمێک كشاوە و ئەجار بێ ئەوەی یەک وشەیتر بڵێ تێی تەقاند، رۆیی و هەڵاتەوە بۆ ناو دارستان .

هەروا كە هەڵدەهات لە دڵی خۆی دا وتی:

ـ "كاری خۆت بۆ خۆت سەگی سەگ باب. من هەتا ماوم قەت قەت بەشداری لە كاری تۆ دا ناكەم.

# بەرهەمی نووسەران



**نویسنده:**

**سارا مهابادی**

## ماست فروش

مهاباد بود و زمستان پر برفش کلاس سوم ابتدایی بودم حوالی ظهر در زدند ، بدو بدو در رو باز کردم دخترکی شاید هم سال من اما پیدا بود روزگار کودکی او را ربوده است ، از موهای درهم و شانه نشده اش پیدا بود ، صورتی خشک و ترک برداشته که رد سرمای درون را تا لباسهای نازک بر تنش هویدا میکرد ، چشمانش چون چاهی عمیق که انتها نداشت ، اما وحشی و ناآرام میتاخت تا بیرون خزد از سرمای چاه تقدیر

قابلمه‌ای کوچک بدون در در دست ، به آرامی پرسید : ماست میخواین ؟ با فکر کودکانه ام گفتم ما همیشه ماست داریم ! میخواست برود، پرسیدم ماست میفروشی ؟ نامش ملیحه بود ، موهای بلوند و چشمان وحشیش، نامش را برازنده اش کرده بود ، از خوشحالی دیدن دخترک ماست فروش گفتم میام باهات تا ماست رو بفروشیم !

کوچه ها را رفتیم و درها زدیم ، کسی ماست نمیخواست ، شاید چون هوا سرد بود ، نمیدانم ولی مشتری پیدا نشد ! باز در زدیم اینبار خانمی در را باز کرد و من خشکم زد و او هم شوکه شد ، معلمم بود ، سارا اینجا چه میکنید : میخوام کمک کنم ملیحه ماستشو بفروشه ، بیایین تو ! من ماست میخوام ! هنوز گرمم نشده بود ، سکوت و تنهایی ، حس مطبوع گرما را به دلشوره سپرد

حدسم درست بود به پدرم زنگ زد ، و داستان را با صدای پچ پچ که با صدای بخاری قاطی شده بود را به زحمت شنیدم ، معلمم گفت سارا پاشو من تو رو خونه ات میبرم ! گفتم ملیحه چی پس؟ گفت اون ماست رو فروخته و برمیگرده خونه اشون

طعم تلخ آخرین نگاه ملیحه تا به امروز با من است



# نەهەنگ بناسین



**ئامادەکردنی: یارە – مینا**

نەهـــەنگ بـــوونەوەرێکی ئـــاوی یە. لە ویشـــکایی دا نـــاژی. بەڵام بـــۆ نەفەسکێشـــان دەبـــێ بێـــتە ســـەرئاو. گەورەتـــرین نەهەنـــگ ، نەهەنگـــی رەنـــگ شـــینە. ئەم نەهەنگە نزیـک بە 30 m درێـژە و کێشـی زۆر جار لە 90 t(ton) زیاترە .

هێنـدێک لە نەهەنگە کـان تـا قـووڵایی 1000 m لە ئـــاو دەچنەخـــوارەوە. چەشـــنێک لە نەهەنـــگ هەیە کە دەتـــوانێ ئاوازێـــک بە دەنگـــی بـــۆ مـــاوەی چەنـــدین کـــاتژمێر بەرهەم بهێنـــێ. کەس نـــازانێ ئەو جـــۆرە لە نەهەنگ بۆ گۆرانی دەڵێ!

بەچکە نەهەنگێکی تـازە لە دایکبـوو 7 m درێـژە و 8 t(ton) کێشـــی هەیە . دەکـــرێ بلێـــین بەچـــکە نەهەنگێک لە فیل یێکی بە تەمەن قورسترە!


دوڵفـین( دیلفـین) چەشـنێکی بچـووکە لە نەهەنـگ. ٣٧ نەوعـی دیلفـین لە زەریاکانـدا دەژیـن و ٥ نەوعیـان لە چۆماوەکانـدا دەژیـن! گەورەتـرین دیلفین 9 m درێـــژە. دیلفینـــیش دەنگـــی جۆراوجـــۆر لە خـــۆی دەردێنـــێ بەڵام نەک لە چەشـــنی دەنگـــی نەهەنگـــی گەورە کە شێوە گۆرانی گوتنێکە .

نەهەنـگ لە نـاو ئـاو دا دەزێ! منـداڵی نەهەنـگ بەلای کلکـــی دا لە زگـــی دایکـــی را دێـــتەدەر. بـــۆ ئەوە منـــداڵەکە نەخنکـــێ چەنـــد نەهەنگـــی مێیـــنەی تـــر یـــارمەتی نەهەنـــگە ئاوســـەکە دەدەن منـــداڵەکەی ببـــێ. هەر کـــات ئـــاخرین بەشـــی منـــداڵکە لە زگـــی دایکـــی هـــاتە دەر; نەهەنـــگە مێینەکـــان و نەهەنگـــی دایـــک بچـــکە تـــازە لە دایکبـــووەکە دەهێـــنە ســـەر ئـــاو بـــۆ ئەوە نەفەس بکێشی !

ددانەکانی نەهەنگ دەتواندرێ تا 2,7 m درێـژ ببـــێ. نەهەنـــگ مەلەوانێکـــی خێـــرا نیـــیە. لە کـــاتی ئاســـایدا 8 km/t لە کاتژمێرێکـدا دەڕوا بەڵام کە هەست بە مەترسـی بکـا، تـا 30 km/t بـڕوا. دیلفین لە نەهەنـگ خێراتـر مەلە دەکـا و دەتـوانێ 50 km/ t بڕێ .

**سەرچاوە : کتێبی "پرسیار و وەڵامی زانستی"**



بالـــــە

باڵە خاوە تەمەتە
پشیلەی سەرمەنجەڵە

دوێنێ باڵە نەوەستا
چێشتەکەیان پێ بگا

بە هەڵپەو پەلاماری
مەنجەڵی خستە خوارێ

دەسی چلکنی تێ نا
پلێ گۆشتی دەرهێنا

دەستێ سووتا بە جارێ
گۆشتەکە ، کەوتە خوارێ



خوێندن دواڕۆژی زارۆکانە

ڕەحمـــــــان بێســـــــاران



# بەرەو ڕووناکی

چیرۆکی منداڵان- بەشی کۆتایی

لەســـەر ڕووبـــارێکی پڕهـــاژە و خـــوڕەی داوێنـــی دارســـتانێکی ئەم کوێســـتانە بەریـــــــندا، کۆتەدارێـــــــک هەردوو بەری ئەم ڕووبـارەی هێنـابووە یەک و لێیـان ببـوو بە پـرد و ئـــاژەڵ و گیـــانلەبەری گەورە و بچکـــۆلەی لەمـــبەر بـــۆ ئەوبەر ئەپەڕانـــدەوە ولەوبەر بـــۆ ئەمبەر ئەیگوێزایەوە.

لە نێـو دڵـی ئەم کـۆتەدارەدا پـۆلە مـۆرانەیەک ژیانیـان بەسـەر ئەبـرد. ئەم مۆرانـانە کەوتبـوونە لەشـــــی ئەم کـــــۆتەدارە بەســـــــتەزمانە و هەرکامەیـان کـونێکی بـۆ خـۆی کردبـووەوە، هەڵـی ئەکرمانـد و ئەیکڕانـدەوە. هەر کاتێـک تێریـان لـێ



ئەخـــوارد، پـــاڵ ئەکەوتـــن و هەر لەوێ خەو ئەیبردنەوە.

جارێـک مـۆرانەی ئەم چیرۆکەمـان، کە نـاوی شـەوبیر بـوو، کاتێـک لە کـونەکەی خۆیـدا خەریکـی هەڵـدرینی دڵـی کـۆتەدارەکە بـوو لە گەڵ مـۆرانەیەکی دراوسـێی لووتیـان تەقـی بە لـووتی یەکەوە، ئـاخۆ لە دونیـای مۆرانەکانـدا بەهەڵـکەوت یەکێکیـان تووشـی ئەویتـر ئەبێـت. هەردووکیـان دەسـتیان کـرد بە گێـڕانەوەی بەسـەرهاتەکانی ژیـانی خۆیـان بـۆ یەکتـری .



شەوبیر پاڵی دایەوە و وتی:

-زۆر لە مێـژ نییە، جارێـک لە نـاو کـونەکەی خۆمـدا شـانەێکم لە بەردەم لـێ پەیـدابوو، ئەوەنـدە تـامی خـۆش بـوو... بـڕوام پـێ بکە بـۆ گێـڕانەوەی ئەو شـتە نـامۆیە ووشـەکان زۆر تەسک ئەنوێنن.

مـــــــــــــۆرانە دراوســـێکە بە بیســـتنی ئەم هەڵـــکەوتە کەمێـــک راما و پاشان لە وەڵامدا وتی:

-ئەی نۆشـی ئەو گیـانەت بـێ.

ئەوە منـیش جارێـک شـتێکی لەم بـابەتەم لـێ پەیدا بـوو، ئەمەنـدە بەلەزەت بـوو... قەت شـتی وا بەلەزەتـم دیسـان لـێ هەڵنەکەوتـۆتەوە. رازی ئەو شـتەم لە هەمـوو دراوسـێکان پرسـیار کـرد، بەڵام کەس لە وادەی ژیانیـــدا شـــتی وای نە بەرزار کەوتبـــوو و نە تەنـــانەت ناوەکەشـــیان بیستبوو.



-چەند مۆرانەیەکی بە ئەقڵ هەژاریش جارێ شێت بوونیان بۆ لێدام، کە گوایە شتی وا قەت هەڵنەکەوتووە. هەر بۆ ئەم مەبەستە رووم کردە داپیرەیەک و رازی شتەکەم لە لا درکاند. بەئەهوەنی لە وەڵامدا پێی وتم:

- رازی ئەو شتە مێروولە ئەیزانێت و بەس!

شەوبیر گورج پرسیاری کرد:

-دەی... دایە پیرە پێی نەوتی؛ مێروولە لە کوێ دەژێت؟

مۆرانە دراوسێیەکە هەناسەیەکی قووڵی لێ هەڵکێشا و وەڵامی دایەوە:

-بە گومانم دایە گەورە خۆی، مێروولەی قەت بە چاو دیتبێت و نەشی دەزانی مێروولە لە کوێ دەژیت. ئاخۆ دایەگەورە کاتێک، لە وەڵامی پرسیارێک رائەما، بۆ ئەوەی وازی لێ بێنن، دەیوت " وەڵامی ئەو پرسیارە مێروولە ئەیزانێت و بەس!".

دوای ئەوەی شەوبیر کۆمەڵێ پرسیاری گەورە و بچکۆلەی نوێ بوو بە هاودەمی بیرەوەرییەکانی پاشان لە مۆرانە دراوسێکە ماڵئاوایی کرد و سەری کردەوە بە قرۆڵەکەی خۆیدا و هەمیسانەوە لە کۆتەدارەکەی هەڵئەکرماند و بە دەم خواردنەوە بیری لە بوونەوەرێکی بەلاجەوی ئەکردەوە کە وا هەموو شتێک دەبیستێ و هەموو شتێک دەبینێ. ئینجا کەوتە قسەکردن لە گەڵ خۆی.

" -وادیارە وەڵامی پرسیارە کانم لە لای مێروولە بێت " !

کاتێک شەوبیر دەمی لە خواردن ئەکردەوە ، ئەوەندەی لەم کۆتەدارە ئەکراندەوە هەتا سکی وەک دانەیەک مۆروو دەئاخنی و پاشان ماوەیەکی زۆر لەسەری ئەنووست.

جارێک خەوێکی ئێجگار خۆش بردییەوە. خەوی بە قرۆڵی کۆتەدارێکی شیرینەوە ئەدیت. ئەوەندە خۆش بوو، لە بێ هاوتاییدا بێ وێنە بوو. کتوپڕ، چرپە چرپێکی نزم لە خەو رایچڵەکاند. زۆر وەڕەز بوو لەوەی لە خەونە شیرینەکەی داچڵەکاوە. چاوی قووچاند بە هیوای ئەوە هەمیسان خەو بیباتەوە بۆ لای کۆتەدارە شیرینەکە. بەڵام بۆ دووهەم جار چرپە چرپەکەی بە گوێ بیستەوە و ئیتر خەوەکەی بە تەواوی لێ زڕا.

-ئەهای ئەوە کێیە وا چرپەی دێت؟

بەڵام کەس بەدەنگیەوە نەهات هەتا چەن ساتێکی پێ چوو، شەوبیر چرپەکەی هەمیسان بیستەوە. هەتا هێزی تێدا بوو هاواری کرد :

-ئەهای، های...... های!!!
تۆ کێیت ڕێبوار، وەڵامم بدەوە.

هاوکات لەسەر کۆتە دارەکە مێروولەیەک وەڵامی دایەوە.

-ئەوە کێیە وا دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە؟

شەوبیر بزەیەکی بۆ نیشتە سەر لێو و پێی خۆشحاڵ بوو کە ڕێبوارەکە بەدەنگییەوە هاتووە و تۆزێک لە تەنیایی ناو ئەم کۆتەدارە دێتە دەرەوە.

-ئەوەتا لێرەم لە ناو قرۆڵەکەی خۆمدا. ئەگەر تۆ جارجار پلتۆکێ لە کونەکەی قەراغی خۆت بدەیت، ئینجا من ئەزانم تۆ لە ناو کام کلۆردا بەسەر ئەبەیت، پاشان بەرەو لای تۆ کونەکەی خۆم هەڵئەکرێنم هەتا هەردووکمان دەگەین بە یەکتر.

شەوبیر وایدەزانی ئەو دەنگە دەنگە لە مۆرانەیەکی هاوماڵی خۆیەوە دێت. ئاخە تا ئەو کاتە بێجگە مۆرانە بوونەوەرێکی دیکەی لەسەر ڕێگا لێ هەڵنەکەوتبوو.

مێروولە لەسەر کۆتەدارەکە چکێک سەری خولدا و وتی :

-قرۆڵی چی؟ بێ قەزا بێت. خۆمن لە ناو کونا ژیان نابەمە سەر. من لەسەر زەوی دەژیم، خۆ من مۆرانە نیم. من مێروولەم، مێروولە.

شەوبیر سەری سوڕمابوو. بەحاڵ بڕوای ئەکرد، جارێک تووشی ببێتە تووشی مێروولەوە.

-ئەم کاتەت پڕ لە خۆشی! من نەمدەزانی مێروولە لە زمانی ئێمە تێ ئەگات. زۆر بەختەوەرم لەم ئاشناییەوە.

مێروولە بزەیەکی بۆ کرد و سەری قنج کردەوە و وتی :

-خۆ من مێروولەی سەردەمی زوو نیم. من زمانی زۆربەی بۆنەوەران تێ ئەگەم.

شەوبیر پرسیاری لە خۆی ئەکرد. " ئاخۆ بڵێی خەونەکەم هاتبێتە دی و کانگای وەڵامی پرسیارەکانم دۆزیبێتەوە؟ " هەر بەم بۆنەوە باسی خواردنە خۆشەکەی بۆ کرد کە ماوەیەک پێش ئەو کاتە لەگەڵ مۆرانە ڕێبوارەکە لە سەری دوابوون. مێروولەکە دەستی کردە پێکەنین و وتی:

-کورە تۆ بۆ ئەوەندە ساکاریت؟ ئەو شتە کە تۆ خواردووتە، ناوی "هەنگووژە" یە. بوونەوەرێکم تا ئێستا لەسەر ڕێگا لێ هەڵنەکەوتووە هەنگووژەی بەزار پێ خۆش بووبێ. ئەم دونیا بەرینە ئەمەندە شتی تام خۆشی تێدا هەڵئەکەوێ، بە جۆرێک کەس قەت بیری ئەوە ناکەوێتە مێشکییەوە جارێک هەنگووژە تاقی کاتەوە. هەر دارو، گوڵ و گژوگیایەک تامی تایبەتیی خۆی هەیە.

شەوبیر ئاوڕی دایەوە:

-بەڵام لەو ساتەوە وا من لەبیرم بێت دونیا پڕە لە کونی درێژ درێژو.......هەر ئەمەی تێدا هەڵ ئەکەوێت، وا من ئەیکرێنمەوە.

مێروولەکە وتی:

-کورە چاوە ڕاستەکەم، ئەو جێگایە وا تۆی تێدا دەژیت، کۆتەدارێک زیاتر نییە. دونیا ئەمەندە گەورەیە، قەت بە مێشکی من و تۆ پێوانە ناکرێت.

شەوبیر لەمێروولەکە پاڕایەوە.

-وا دیارە تۆ بوونەوەرێکی پسپۆڕ بیت. دەی تۆزێک لەو دونیایەم بو باسکە، تکات لێ

ئەکەم. مــن گەلێــک تــامەزرۆی ئەو دونیــایەم وا تــۆی لــێ دەژیــت، وا دیــارە تــۆ هەمــووی گەڕابێتی؟

-کــوڕە لە بەرت مــرم. دونیــا ئەوەنــدە پــان و بەرینە، بۆ باسکردن نابێت.

-ئەی تــو چــۆن دەزانــی دونیــا ئەوەنــدە گەورەیە، ئەگەر نەگەڕابێتی؟

-ئەمە بــابەتی ســەرزارە، مەبەســت ئەوە نییە مــن هەمــوو دونیــا گەڕابێــتم. زانینــی "گەورەیــی" دونیا نابێتە مەرجی گەڕان لە هەموویدا.

هەرچــی مێــرووله زیــاتر دەدوا، پرســـیارەکانی شەوبیر زیاتر ئەبوونەوە.

-دەی چــاکە، ئەی چــۆن دەڵێیــت دونیــا زۆر پان و بەرینە؟

-هەتــا هێــزی چــاو برێەکــات دارە و دارســتان. هەتــا تــۆش حەزکەی شــاخ و ئــاوە و دەشــت و کێوە.

بەڵام مــــۆرانە نەیهێشـــت مێـــرووله قســـەکانی دوایی بێنێ. قسەکانی لێ قرتاند:

-لــێم ببــوورە زۆرم پرســیار لــێ کــردی. بەڵام مـــن زۆرت لـــێ تێنـــاگەم لەو شـــتانە وا بـــۆت گێرامەوە.

مێرووله چکێک سەری لەقاند و وتی:

-لام وایە هەرچەنــدەت زۆرتــر بــۆ بــدوێم کەمتــر لــێم تێــدەگەیت. پرســیارەکانت لە مێشــکدا زۆرتــر ئەبــن. جــوانتر ئەوەیــە لەو کــونەدا ســەر بێنیــتە دەرەوە و خــۆت دونیــا بە چــاوی خــۆت ببینی، ئینجا هەموو شتێکت بۆدەرئەکەوێت.

شەوبیر بە دڵپرییەوە وتی:

-کــوڕە بە قوربانــت بــم.........ئەگەر رێگــای دەرهــاتنم لەم کــونەدا بزانییــایە، ئیتــر پرســیار کردنم لە جەنابت لە لاوە بێ مانا بوو.

مێــرووله‌کە لە ســەر ســک لێــی ڕاکشــا و هەردوو دەســـتی نـــایە ژێـــر چەنـــاگە و پاشـــان قـــاچی ڕاکێشا و وەڵامی دایەوە:

-ئاهــا ئەوە ئێســتا تێگەیشــتم...........واتە..... تــۆ ناتوانی بێیتە دەرەوە.

شـــەوبیر چکێـــک برۆکـــانی خـــۆی لـــێ مڕۆمـــۆڕ کرد و دوایی ساویلکانە وەڵامی دایەوە:

-بۆیـــان گێڕابـــــوومەوە، " مێـــرووله بـــوونەوەرێکی زۆر تێگەیشـــتووە " . بەڵام تـــۆ بەم قســـەیە تـــۆوی دوودڵـــی لە دڵـــی منـــدا ئەپرژێنی.

مێرووله‌کە لەباتی ئەو وەڵامدانەوەیە وتی:

-ئــا........... وام بــۆ دەرکەوت، تــۆ بــۆ خــۆت پســپۆڕێکی گەورە یــت. تــۆ پێویســتیت بە من نییە.

شەوبیر هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا :

-دەرهـــاتن لەم کـــونەدا و زانســـتیی هـــاتنەدەرەوەکەی دوو شـــتی لە یەک جیـــان. بێگومـــان ئەم زانیـــنە پســـپۆڕیەکی ئەوتـــۆی پێویســت نیــیە. ئەگەر تــۆ پــێم بێــژی چــۆن بــێمە دەر، دوایـــی وا قەرەبـــووی ئەکەمەوە هەتـــا دواپشووی ژیانت لەبیرت نەچێتەوە.

مێــرووله‌کە وەکــوو تــازە هــاتبێتەوە بە خۆیــدا وتی:

-دۆستی بەڕێز ئەوەتە لە بەر قرچەی ڕووجیار(خوەرەتاو) سەرم بەژان کەوتووە.

شەوبیر داچڵەکا و لێی بە پرسیار هاتەوە.

-ڕووجیار چیە ئیتر؟

مێروولە وەکوو لە پرسیارەکەی شەوبیر وەڕس بووبێت وتی:

-گڵۆپێکی پرشنگداری بەتینە، هەموو ڕۆژێک لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدەستێ و هێدی هێدی بەرەو خۆرئاوا مل ئەنێت. تو دەبێ کونەکەی خۆت بەرەو خۆرهەڵات هەڵکۆڵی تا کوو بتوانی بێیتە دەرەوە.

شەوبیر بە بیستنی ئەم قسەیە وتی:

-لێم ببورە بەڵام نەت فەرموو من ئێستا چۆن بزانم خۆرهەڵات لە کام لایە؟ تاکوو بەرەو ئەوێ ئەم دارەی لێ هەڵکۆڵم؟ تاکوو ڕزگارم بێت.

مێروولەکە ئیتر تاقەتی لە ڕادە تێپەڕی بوو هەر ناڵەناڵی دەکرد:

-ئەوەندەی تاو لێی داوم، لە بیرم چۆتەوە ڕووجیار لە کوێ هەستاوەتەوە. دەبێ بڕۆم و لە سێبەری ئەو گەڵایە پشوویەک بدەم. کاتێ هاتمەوە سەر خۆم لانی کەم دەبینم خۆرەتاو لە کام لا سەر ئەنێتەوە و ئەڕواتە خۆرئاوا.



شەوبیر بە دڵێکی شکاو ویستی هەمیسان پرسیارێکی دیکە ئاراستەی مێروولە بکات، بەڵام مێروولە بەسەر کۆتەدارەکەوە بۆ ئەوبەری ڕووبار پەڕیبووەوە و لە سێبەری گەڵای دارێکدا ڕاکشا بوو. ماوەیەکی زۆری پێ چوو هەتا مێروولەکە گەڕایەوە. کاتێک بازی بردە سەر کۆتەدارەکە هەتاکوو لە سەریەوە بۆ ئەمپەڕی ڕووبار بێتەوە، شەوبیر دەنگی تەپەتەپی پای ئەوی بیست و بانگی کرد:

-ئەوە من لەمێژە لەسەر تۆ ڕاوستاوم. هێشتا وەڵامی پرسیارەکانت نەداومەتەوە.

مێروولە دەستی خستە پشتمل و چکێک لە کۆڵنجەکانی خۆی تەقاند، وەڵامی دایەوە:

-جێگای خەوتنەکەم ئەمەندە خۆش بوو، برێک دێر بەخەبەر بوومەوە. کاتێک هەستامەوە، بەداخەوە ڕووجیار لە ڕۆژئاوا ون ببوو و منیش نەمدەزانی لە پشتی کام کێوەوە چۆتە خوارەوە.

شەوبیر بە دڵێکی خەمبارەوە وتی:

-تۆ سەرت لە من شێواندوە. تاوێک قسەی خۆرهەستانم بۆ ئەکەی و کەرەتێکیش ڕۆژئاوا. تو هەموو شتێکت لێ تێکەڵاو کردووم.

-چکێکت تاقەت هەبێت. ئێستە ئیتر زۆر درەنگە، سبەینێ دێمەوە و پێت دەڵێم؛ خۆرهەستان لە کام لایە. ئەوەتە شەماڵ توندی کردوە، لەوانەیە ئەم شەو لێمان بکاتە زریان. ئاخۆ هەورێکی ناوچاو گرژ لە ڕۆژئاواوە ها بە ئاسمانەوە و بەرەو لای ئێمە

کەوتـــۆتە ڕێ. تـــا شـــەوم بەســـەردا نەهـــاتووە دەبێ بڕۆم. دەی تا سبەینێ ماڵئاوا!

مێـــرووله خێـــرا لەوێ دوور کەوتەوە، بەجۆرێـــک ئیتـــر شـــەوبیر دەنگـــی چرپەچرپـــی پێـــی ئەوی نەدەبیست.

پـــاش مـــاوەیەک کـــۆتەدارەکە خـــۆی لە خـــۆیەوە مـــووچرکی دەکـــرد. بەڵام شـــەوبیر نەیـــدەزانی بـــۆچی مـــاڵەکەی دەجـــووڵێتەوە. ئەوشـــەوە لە ترســـاندا بەحـــاڵ خەو بـــردییەوە. کاتێـــک بەخەبەر هـــاتەوە کـــونەکەی ســـەروژێر بـــوو. ســـەرمیچەکە لە جیـــاتی لە بـــان ســـەریەوە بێـــت هەڵگەڕابـــۆوە خـــوارەوە و تەختـــایی مـــاڵەکەی کەوتبـــووە بـــان ســـەر. تـــا ئەوکـــاتە ڕووداوی لەو چەشـــنەی بە چـــاو نەدیبـــوو. ئەوەنـــدە ئەم دیـــاردە بەلایەوە نـــــامۆ بـــــوو، مێـــــرووله‌ی بە تەواوی لەبیـــــر چووبـــۆوە. هەر لەم بیـــر و بیرکـــردنەوەدا بـــوو، هەمیســـان چـــرپە چرپـــی بە ڕێگـــادا چـــوونەکەی مێرووله دایچڵەکاند و ئاژا بانگی کرد:

–بەخێـر هـاتیتەوە سـەر چاوەکـانم ئەوە لەمێـژە خەریکـــم بیـــری ئەوە دەکەمەوە بـــۆچی مـــاڵەکم سەروژێر بووە؟ نازانم چی قەوماوە!

–ئەوە زۆر بەپەلەم، ببـوورە کـاتی ئەوەم نییە ڕاوەســـتم وەڵامـــی پرســـیارەکانی دوێنێـــت بـــدەمەوە. دوێنـــێ شـــەو زریـــانێکی بـــێ وێـــنە هەمـــوو دار و دارســـتان و دەشـــت و دەری لە نـاو یەکـدا هەڵوروژانـد. ئێسـتا دەبـێ بـڕۆم بـۆ ئەوبەر ڕووبـار، ئـاخۆ زریـانەکەی دوێنـێ شـەو جـارە گەنـمەکەی ئەوپەڕی ڕووبـاری تـێکەڵاو و پـێکەڵاو کـردوە. بێگومـان گەنمـی زۆری لـێ هەڵوەریـوە. ئەوە دەبـێ داهـاتی ئەم زسـتانەی لـێ دابـین بـکەم. لام وایە ئـاوی ئەم ڕووبـارە دوێنـێ شـەو هـاتبێتە سـەر و ئەم کـۆتەدارەی خسـتبێتە گـڵ. ئـاخۆ مـاڵەکەی تـۆ کەوتـۆتە ئەوبـــارەکەی تـــردا. هیـــوا دارم وەڵامـــی دواپرسیارەکەت وەرگرتبێت. دەی ماڵئاوا.

مێـرووله پاشـان خێـرا بەسـەر کـۆتەدارەکەوە بـۆ جـــارەگەنمەکەی ئەوبەری ڕووبـــار پەڕیـــیەوە. دەمەوئێـواره گەنمێکـی پێبـوو بە هـانکە هانـک کاتێـــــک دەگەڕایەوە، هەر کە گەیشـــــتە ناوەڕاســـــتی کـــــۆتەدارەکە چەنـــــاگەی لە ماندوویەتیـدا خەریـک بـوو لە گـێجەنە بێـتە دەرەوە. گەنـــمەکەی دانـــا و پاشـــان بـــانگی لە شەوبیر کرد:

–ئەوەنـدە گەنـم لەو جـارە هەڵوەریـوە، بـڕوات بـــێ دۆســـتی بەڕێـــز؛ قەت ئەوەنـــدەم بەرەکەت لەم زەوینە پان و بەرینە نەدیتووە.

شـەوبیر چکێـک ڕۆیشـتەوە نـاو خـۆی. بـۆ خـۆی بیـــری ئەکـــردەوە؛ " مێـــرووله لە خـــۆی زیـــاتر نەبـێ، لە بیـری کەسـی دیـکەدا نییە. " هەر بەم بۆنەیەوە وتی:

–ئێـوە بە منتـان نەوت، لێـرە چـۆن دەتـوانم ڕزگاربم؟

مێـــرووله وەکـــوو بیرێکـــی نـــوێی لە مێشـــکیدا گەڕابێت وەڵامی دایەوە:

–ئەگەر بەڵێـنم بـدەیتێ، ڕۆژێـک دانەی گەنمـم بـۆ بێنیـتە مـاڵەوە. ئەوە منـیش بڕیـار دەدەم ئەم کـۆتەدارەت بـۆ هەڵکـۆڵم، دڵنیـابە هاتـاکوو پێـت نەگەم، وازناهێنم.

شـەوبیر ئیتـر گومـانی نەمـابوو، لەوە زیـاتر بـۆ ڕزگـاربوونی خـۆی لەم تاریکسـتانە، نـاتوانێ چـی زیـاتر مێرووله بـدوێنێ. ملـی قنج کـردەوە و وتی :

–ئەگەر ڕزگاربوونی من بۆ تۆ ئەوەندەی دانە گەنمێک بایەخی هەبێت، دیسان ماڵئاوا. دانە گەنمێک ناکەمە بارمتەی ژیانێکی ئازاد. دەبێ ڕێگایەکی دیکە بدۆزمەوە.

مێروولە لەو وەڵامە وای بۆ دەرکەوت، ئیتر لەوە زیاتر نابێ شەوبیر بە ساکار دابنێت. وەکوو ئیتر دۆستایەتییەکەیان ڕوو لە تەواوبوون بێت، وتی:

–دەی با بە دڵی تۆ بێت. ماڵئاوا و هیوا دارم تووشت بە تووشی دارکونکەرەوە بێت.

شەوبیر خێرا پرسی:

–دارکونکەرە چییە ئیتر؟

مێروولە بەئەسپایی وتی:

–بوونەوەرێکی زانایە. کاتێک لەسەر دارێک نیشتەوە، دەزانێ مۆرانەی تێدا بێت یان نەبێت. ئاخۆ کاتێک مۆرانە لە ناوەوە خەریکی هەڵکرووژانی دارکە بێت، دارکونکەرە بە قاچ هەستی پێدەکات. ئەویش ئەوندە لەو دارە هەڵئەکۆڵێت هەتاکوو بە مۆرانەکە دەگات و لەمەینەتی ژیان ڕزگاری ئەکات.

شەوبیر ڕەشەخەنەیەک نیشتە سەر لێویەوە و وتی:

–ئەها...... ئەوە ئێستە دەزانم بۆچی دایەگەورەم لە کاتی سوێندخواردندا دەیوت " بەو کەسەی وا هەستم پێ ئەکات و نایبینم". کە واتە...... ئەو شتەی وا دایەگەورەم بەسەری سوێندی دەخوارد، دارکونکەرەی پێ دەڵێن. ئامۆژگارییەکانت یارمەتییان نەدام تا لێرە ڕزگارم بێت، بەڵام زۆرم

دەمەو ئێوارە و درنگانێ بوو. مێروولە لەوە زۆرتر کاتی خۆی بە شەوبیرەوە خەریک نەکرد. گەنمەکەی گرت بە قەپەوە ڕێگای ماڵەوەی گرتە بەر.



شەوبیر لە قرۆڵەکەی خۆیدا پاڵ کەوت و بزەیەکی شیرینی نیشتبووە سەر لێوەوە. ڕویشتبووە ناو دەریای خەیاڵانەوە و پلانی بۆ ڕزگاربوون دائەنا.

**بۆ تەواوکردنی ئەم چیرۆکە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە وا بەو پەڕی دڵسۆزییەوە لە یارمەتیدانیدا دریغیان نەکرد.**

**بەتایبەتی بەڕێزان کاک هادی زیائەدینی و کاک سالار سدقی**

**پێداچوونەوە بەڕێزان ئارەزوو دادفەڕ، کاک هاشم ڕە**





## سەبا ئەحمەد . هەڵەبجە

# هاوڕێکان

منداڵێکی ووردیلەم
چوست وچالاک ژیکەڵەم
گوێڕایەڵی فەرمانم
ئازیزی لای هەموانم
ئاواتی باوەو دایە
سبەی دێنمەوەکایە
دۆست وهاوەڵم زۆرە
بۆت نیشانکەم بە نۆرە
کتێب
من پەرتوک وپەڕاوم
ئاڵ و والآیە ناوم
هاوڕێی گشت کەسی تەنهام
لە ڕاستی خۆم دڵنیام
دۆستم بۆ مناڵی ژیر
هەرگیز نایانکەم دڵگیر
ئەوساو نێستاو داهاتو
لای من فیرئەبن زۆر زوو
ئەکەی قەت بمسوتێنی
گوێڕایەڵی فەرمانم

لە ڕقا بمدڕێنی
دەفتەر
من تیانوس ودەفتەرم
لەژیان بەخەبەرم
جێگای مەشقی ڕۆژانەم
دۆستی ئەو سەرپەنجانەم
دەیانەوێ بەهەرەداربن
لەبونیاندا سەرداربن
ڕوم والآیەبۆخامە
بونی من سەر ئەنجامە
لاستیک
لاستیکم دۆستی دڵ نەرم
هاوەڵێکی پڕلە شەرم
لەناو کیف وجانتادا
زوودیم بەدەستانەوە
گشت هەڵەکانی نێوە
بەدۆستیم ئەیسرمەوە
تا جوان بن ڕابردووپاک
ئازیزی لای هەموانم

لە هەڵەنەتانبێ باک
قەڵەم
ئەمن پێنوس وخامەم
سەروەری ئەم دەورانەم
منم سەرجەم کردارتان
دەنوسمەوە تۆمارتان
بۆ زانست من ڕابەرم
لە گشت کاتێ سەروەرم
دۆستی پەنجەی ووردتانم
هاوەڵی ڕێگاتانم
من چەندەبەختەوەرم
لە ژیاندا سەروەرم
هێندە دلسۆزم هەبێ
سەرکەوتن بۆ من دەبێ
دەست لە دەستان بەر نادەم
تاکو لە ژیاندا هەم
منداڵێکی ووردیلەم
چوست وچالاک ژیکەڵەم

# Childrens World

NR 23 Sweden